# قوتابخانە و جەهەننەم

سەنگەر زراری
Sangarz81@yahoo.com

رۆماننووسی ناوداری کورد "بەختیار عەلی" لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت "لە منداڵی جەهەننەم لەخەیاڵی من لە شێوەی قوتابخانە بوو".

رەنگە ئەم قسەی بەختیار بۆ هەموو منداڵانی کورد بشێ، یان بە لایەنی کەمەوە لە خەیاڵدانی منداڵی کورد قوتابخانە ئەگەر جەهەننەمیش نەبێ، ناخۆشترین شوێنە.

لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم، رۆژێك دایکم مۆڵەتی بۆ وەرگرتم، بیرم نایێ کە مۆڵەتەکە لەبەرچی بوو، بەلاَم دەزانم ئەو رۆژە یەکێك بوو لە رۆژە خۆشەکان، چونکە نەچوومە قوتابخانە، بۆ رۆژی دواتر لە دەرسی دین مامۆستا قوتابییەکانی هەڵدەستان تا ئەو ئایەتە لەبەر بڵێنەوە کە وەریانگرتبوو. سەرە گەیشتە من، منیش زۆر بێ منەت هەستامە سەر پێ و گوتم: "مامۆستا من دوێنێ ئیجازە بووم"، کەچی مامۆستاکە چاوی لێ سوور کردمەوە و بە تورەیەوە گوتی "ئەم قسانە ناخوا دەستت بکەوە".

منێك کە زۆر لە لێدان دەترسام دەستم کردەوە و پێنج داری توندم پێکەوت، ئەم لێدانە ئەوەندە توند بوو کە باوەڕناکم هەرگیز لەبیرم بچێتەوە، رۆژی دواتر کە کاتی قوتابخانە داهات لەترسان چوومە ژێرقادرمەی ماڵەوە، دایکم هات منی بینی و گوتی:

– درەنگە بۆ ناچی بۆ دەوام؟!!

دەستم کرد بە گریان و گوتم ناچم، ئەو زگی پێم سووتا و ماچی کردم

– بۆ ناچی؟

گوتم:

– لە ترسی مامۆستای دین!!! دوێنێ زۆری لێدام..

– ئێ کوڕم خۆ ئەورۆش لێت نادات.. تەواو یەك جار لێت دەدات.

من قەناعەتم بەو قسەیە نەهات. باوکمی بانگ کرد، باوکم کە هیچ کاتێك لایەنگیری من نەبوو، بەڵکو هەمیشە بە مامۆستاکانی دەگوت ئەگەر بە لێدان و ترسانیش بێت منداڵەکەی بۆ پەروەردە بکەن، کەچی ئەو رۆژە زۆر زگی پێم سووتا، هات بە مامۆستاکەی گوت "مامۆستا با یەکجاریش وا نەبێت منداڵێکی گچەکە لە ترسی تۆ نەوێرێ بێتە قوتابخانە چۆن دەبێ؟!".

ئەوەبوو چوومەوە بۆ قوتابخانە بەلاَم هەرگیز ترسی مامۆستاکانم لە دڵ دەرنەچوو، ئەو مامۆستایەی بەو شێوەیە من لێی ترسام مامۆستا ئایین بوو، ئایین نەك تەنها بۆ قوتابیان بەڵکو بۆ خەڵك بەشێوەیەکی گشتی وانەی لێبوردەییە، کەچی مامۆستا و قوتابخانە ئەویشیان کردبوو بە وانەی دڵرەقی و ترساندن. کەواتە هیچ منداڵێك ناحەق نییە ئەگەر چەندجار باسی قوتابخانە بکرێ، ئەو جەهەننەمی بێتە بەر چاو.

بەداخەوە تا ئێستاش نەك تەنها منالاَن بەڵکو ئەوانەی لە ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆکانیشن، ناخۆشترین شوێن لەلایان قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگایە، بەڕاستی پێویستە ئەمە ببێتە پرسیارێکی جیدی و کاری لەسەر بکرێت کە بۆچی ئەو هەموو هەوڵە بۆ پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن هەیە، کەچی شوێنی خوێندن لە لای قوتابیان ناخۆشترین شوێنە؟ دەبێ ئەمە ببێتە پرسیار کە ئایا بۆچی بەستنی ئەم هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسە گەورانەی پەروەردە و خوێندنی بالاَ نەیانتوانی خوێندن لای قوتابیانی کورد خۆشەویست بکەن، "سیستەمی نوێی پەروەردە!!" لەم رووەوە نەیتوانی شتێك بکات؟! ئایا بەڕاستی ئەوە قوتابیانن کە دەبێ فێری خۆشەویستی قوتابخانە و خوێندن بکرێن؟ یان مامۆستا و پەروەردەکارانن دەبێ پەروەردە بکرێن و چیتر خوێندن لە قوتابیان نەکەنە دوژمن؟!!